# "كە مەلابەختيارمان دەستگيركرد بە ئەبوشەهابم وت بيكە بەديارى دەستى خۆت و بيدەرەوە بە مام جەلال"



## شێخ كامیل شێخ قادر مێژووی ئاڵای شۆڕش دەگێڕێتەوە "كە مەلابەختیارمان دەستگیركرد نانەرەقە لە گیرفانیدابوو، پێیوتم ئەگەر دەمكوژن بمكوژن، بەڵام ئیهانەم مەكەن"

دیداری ئەحمەد میرە و هێمن باقر

**● شێخ كامیل شێخ قادر، تەمەن ٥٦ ساڵ، لێپرسراوی پێشووتری ئیدارەی مەكتەبی سیاسیی (ی.ن.ك)، لە ساڵی ١٩٧٩ەوە پەیوەندیی بە یەكێتییەوە كردووەو دواتر بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لە نەمسا ژیاوەو ئێستا راوێژكارە لە وەزارەتی شەهیدان و كاروباری ئەنفالكراوان، شێخ كامیل دەیەوێت ژیانی پێشمەرگایەتی وەك خۆی بگێڕێتەوە، شكستو سەركەوتنەكانی بەیەكەوە باسبكات، چونكە ئەو باش دەزانێت كە ئەو ژیانە تەنها خۆشیو سەركەوتن نەبووە، بەڵكو گەلێك نەهامەتیو شكستی تێدابووە.**

### شێخ كامیلو پەیوەندیكردنی بە كۆمەڵەی رەنجدەرانەوە

ئەو دەڵێت: ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم بە یەكێتییەوە كردو ساڵی ١٩٨١ چوومە شاخ، چونكە لەناو شار ئەركی دەستنیشانكردنی ئەو كەسانەم لە ئەستۆ بوو كە دژی بزووتنەوەی كوردایەتی بوون. دوای ئاشكرابوونم، ناچار بووم بچمەوە شاخ، سەرەتا چوومە قەراخو دواتر چوومە بارەگاكانی سەركردایەتی لە قاسمەڕەش، ماوەیەك لەوێ مامەوە بۆ ئەوەی هەست بە جیاوازییەكانی نێوان ژیانی شاخو شار بكەم.

### یەكێتییو سەرەتای ساڵانی هەشتا

شێخ كامیل دەڵێت: یەكێتیی هەر لە سەرەتاوە وەك نیمچەبەرەیەك لەدایك بووە، بەڵام چەترێك بوو توانیبووی هەموو رێكخراوەكان كۆبكاتەوە، ئەو دەمە كۆمەڵە گەورەترین رێكخراو بوو كە خەباتیدەكرد. بە جۆرێك، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نەبوو.. كۆمەڵە گەورەترین باڵی یەكێتیی بوو، هەرچەندە شۆڕشگێڕانیش ناوەندی خۆیان هەبوو و بە شێوەیەكی جەماوەری كاریاندەكرد. ئەوكاتە جیاوازیی بیركردنەوەمان هەبوو. هەریەكەمان رێكخستنی خۆمان هەبوو، كۆمەڵەو شۆڕشگێڕانو هێڵی گشتی كە مام جەلال سەرپەرشتیدەكرد. كۆمەڵە لە رووی فیكرییو راگەیاندنو فیداكارییەوە لە هەموویان بەهێزتربوو، مەكتەبی عەسكەری لەژێر دەستدا بوو، مولازم عومەر سەرپەرشتیدەكردو ئەندامی باڵەكانی تری تێدابوو، زۆربەی سەركردایەتی ئەوكاتە، كۆمەڵە بوون.

### پەیوەندی یەكێتییو حیزبەكانی تر

شێخ كامیل شێخ قادر دەڵێت: پەیوەندییەكان

لەو کاتەدا زۆر باشبوون، هەرچەندە ناتوانم بڵێم سەدلەسەد کۆك و تەبا بوون و لە سایەی یەکێتییدا، حیزبەکانی وەك؛ بزووتنەوەی ئیسلامیی و حیزبی بەعسی یەساری، دەیانتوانی بارەگایان هەبێت و مام جەلال بەردەوام بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە دەبێت ناوچە رزگارکراوەکان بکەینە دەروازەیەك بۆ خەباتی هەموو رێکخراوو حیزبە کوردستانیی و عێراقییەکان کە باوەڕیان بە رزگاریی کورد هەیە، بەڵام سەرجەم ناکۆکییەکانی ئەوکاتە لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندیی بووە، چونکە نەبووە کە بیرۆکەیەك مەبەستی خزمەتکردن بووبێت و دژایەتی کرابێت، بەداخەوە لەو کاتەدا شەڕو پێکدادانی سەربازیی و پێشمەرگانە روویانداوە، بە جۆرێك هەرلایەك پێشمەرگەیەکی لەولا بکوشتایە، بە سەرکەوتنی دەزانی، من هۆکارەکەی بۆ نەبوونی عەقڵیەتی سیاسیی دەگێڕمەوە کە بیر لە ئایندە بکەنەوە، لەو قۆناغەدا، تەواوی ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان و هەولێر لەژێر دەستی یەکێتییدا بوون و پارتی تەنها لە ناوچەی بادینان بوو، چونکە ئەوان دوای شکستی ئەیلول کەوتنە ئێران-ەوە.

### ناکۆکی یەکێتیی و حیزبەکانی تر

شێخ کامیل، بەمجۆرە باس لەو ناکۆکییانە دەکات؛ ناکۆکییەکانی یەکێتیی ئەوکاتە لەگەڵ حسك و بزووتنەوەی ئیسلامیدا بوو، هەروەها کاتێك مەفرەزەیەکی یەکێتیی دەچووە ناوچەی بادینان، لەلایەن پارتییەوە لێیدەدراو وەك کارەساتی هەکاری، ئەگەر مەفرەزەیەکی پارتی-ش بهاتایەتە ناوچەکانی سنووری یەکێتیی، لێیدەدرا، بگرە بەشوێن یەکتریشدا دەگەڕان، وەك وتم شەڕەکان لەسەر دەسەڵات و سنوورو گومرگ بوون.

### یەکێتیی و حیزبی شیوعی

شێخ کامیل، دەربارەی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیی و حیزبی شیوعی دەڵێت: حیزبی شیوعی ئەوکات وەکو حیزبێکی عێراقی کاریدەکردو یەکێتیی لە کۆنفرانسی یەك و دوودا، کوردستانیبوونی خۆی راگەیاندبوو، ئەمە بووە هۆی جیاوازی ئایدیاو بیروبۆچوونەکان و ململانێکانی بەرەوپێشەوە برد، ئەگەر ئێمە وەکو یەکێتیی و کۆمەڵە بیرکردنەوەکانمان موتوربە بکردایە، رەنگە ناکۆکییەکان بچووکتر دەربکەوتنایە. من ئاگاداری رووداوی پشتئاشان نەبووم، بۆیە قسەی لەبارەوە ناکەم.

### یەکێتیی و ململانێی ناو باڵەکان

شێخ کامیل لەمبارەیەوە دەڵێت: هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵە دوو باڵی هەبوو، بەتایبەت ئەوکاتەی کە کۆمەڵێك لە هاوڕێیان لە کۆنفرانسی دوودا ئەوەیان ئاشکراکرد کە بیرکردنەوەیەکی تایبەتییان بەرامبەر بە عێراق هەیە، بەڵام بانگەشەکانی ئەوانەی ئیدیعای ئالای شۆڕشیان دەکرد، دەیگێڕمەوە بۆ دەسەڵات و پلەوپایەی شەخسی. ململانێی ئەوکاتە زۆر قووڵ بوو، تەنانەت لەناو تیپەکانیشدا ململانێ هەبوو، بۆ نموونە؛ ئێمە تیپی ٥٧ بووین و تیپی ٥٥ لەو بەرمانەوە بوون، ئەگەر بچووینایە لە سنووری ئەواندا چالاکیمان بکردایە، ئەوان پێیان ناخۆش دەبوو، ئێمەش بەهەمانشێوە، دەتوانم بڵێم لە ساڵانی هەشتاکاندا دەستەگەریی هەبوو، هەرکەس لە رووی نەفسییەوە خۆی جیاکردبوویەوە، دەستەیەك عەتفیان بۆ کاك نەوشیروان هەبوو، دەستەیەکی تر بۆ مام جەلال و دەستەیەکی تر بۆ کاك سالارو یەکێکی تر بۆ دکتۆر فوئاد.

### یەکێتیی و ئالای شۆڕش

شێخ کامیل قەرەداخی سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان ئالای شۆڕش و یەکێتیی، دەڵێت: ناکۆکییەکان زەق نەبوون و نەگەیشتبوونە قۆناغی دابڕان و پێکدادان و یەکترکوشتن، بەڵام ترسناکترین دیاردە ئەوە بوو کە ئالای شۆڕش بەیەکجاری لە یەکێتیی دابڕێت، لە ساڵی ١٩٨٦دا، کۆمەڵێك لەو برایانە خۆیان دوورخستەوە لە خەبات، وەکو؛ مامۆستا پشکۆ و شەهید بابەتایەر، کە دانیشتبوون و کاریان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە نەدەکرد.

ئالای شۆڕش و پارتی بارەگایان لە یەکترەوە نزیکبوو، ئەوان هەرکاتێك بۆیان هەڵبکەوتایە، لە یەکێتیی جیادەبوونەوەوە لە سنووری مەڵبەندی یەکدا، لە ناوچەی قەرەداخ، کۆمەڵێك کادیریان هەبوو کە بۆ خۆیان کاریاندەکرد، هەربۆیە لەلایەن مەڵبەندی یەکەوە مەلا بەختیار گیراو ناردیان بۆ ناوچەی سەرکردایەتی، ئەوان دەیانویست جیاببنەوە، نەك کودەتا بکەن، ئەوان لێیان دەبیسترا کە دەیانوت بۆچی مام جەلال بۆی حەڵاڵ بوو لە پارتی جیاببێتەوە، بۆچی ئێمە بۆمان نییە لە یەکێتیی جیاببینەوە؟ هەرچەندە ئاگاداری پەیوەندیی نێوان پارتی و ئالای شۆڕش نیم، بەڵام لەیەکنزیکبوونەوەکە ئاشکرابوو.

### چیرۆکی گرتنی مەلا بەختیار

شێخ کامیل دەڵێت: نامەوێت وشەیەکی درۆ لە قسەکانمدا هەبێت و ئەم قسانەشم بۆ شکاندن نییەو نامەوێت لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئەم قسانە بکرێت. لە یەکێك لە رۆژەکانی ساڵی ١٩٨٦دا، سەعات دووی شەو بوو، کاك حاکم شوان هات بۆ لام و نامەیەکی مام جەلالی پێبوو، کە تیایدا دەڵێت: "مەلا بەختیار لە زیندان رایکردووە، بۆیە هیمەتێك بکەن بۆ گرتنەوەی". ئەو شەوەی کە رایکردبوو، هەر ئەو شەوەش نامەکەم بۆ هات، مەلا بەختیار لە یاخسەمەر زیندانیی بوو، ئەو کاتە ئەبوشەهاب چاودێریی ئەو زیندانەی دەکرد، زیندانەکە تەنها ژوورێك بوو، تایبەت بوو بەو کەسانەی کەوا مەترسیی ئەوەیان لێدەکرێت زیان بە شۆڕش بگەیەنن، لەبیرمە ئەو شەوەی کە مەلا بەختیار رایکردبوو، یاری ئۆڵۆمپی هەبوو، هەموو پێشمەرگەکان سەرقاڵی سەیرکردنی یاری بوون، ئەمەی بەهەل زانیبوو، رایکردبوو، کاتێك یارییەکە تەواو بوو، ئینجا پێشمەرگەکان پێیان زانیبوو، بۆیە دوای ئەوەی نامەکەی مام جەلالم بەدەستگەیشت، سەعات دووی شەو کەمینم بە هەموو لایەکدا دەرکرد، لە دۆڵەڕووتەوە هەتا کانی بەردینەو ئەو ناوچانەی پیادەڕەو بوون لە پیرەمەگروون و سورداش، تا من ئەم کارەم کرد، رۆژ بوویەوەو ئەبوشەهاب-یش هاتەلام، وتی: مەلا بەختیار

لە دەستی من رایکردووە، بەڵکو هاوکاریيم بکەی بۆ گرتنەوەی. منیش گوتم ئەگەر بێتو ئەمشەو لەم ناوچەیە دەرنەچوو بێت، وەعدتان دەدەمێ کە شەوی داهاتوو بیگرمەوە، ئەو رۆژە کەوتمە گەڕان بەناو پێشمەرگەکانی خۆم و هەمو پێشمەرگەکانی تردا، توانیم لە بیست قۆڵەوە مەفرەزە دروستبکەم بۆ گرتنەوەی مەلا بەختیار. لەو کاتەشدا ئەو بڕیارە هەبوو گەر بێتو هەوڵی خۆقوتارکردن بدات، بکوژرێت. عەسر مەفرەزەکانم نارد بۆ شوێنەکانی خۆیان لە ماڵی عومەری کاکەوڵلا لە مێرگەپان، لەوێ لە ماڵی ئەوان شایی بوو، منیش لامدا چایەکم خواردەوەو (عومەر)یش دۆستم بوو، شتەکەم تێگەیاند، من بە مەفرەزەکانم وت لە هەر لایەکەوە بینیتان، هەوڵی گرتنەوەی بدەن تا کوشتن، لە کاتژمێر ۱۲:۲۰ دەقیقە لە یەکێك لە کەمینەکانی خوار خۆمەوە مەلا بەختیار-یان گرت، کاتێك رۆیشتم، مەلا بەختیار پێیوتم: "ئەگەر دەمکوژن، ئیهانەم مەکەن، من سەرکردەتانم، من نانەڕەقم لە گیرفاندایە"، فیعلەن نانەڕەقی لە گیرفاندا بوو، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك بیستوپێنج دیناری ئەوکاتەی لە گیرفاندا بوو، پرسیارێکم لێکردو بەڵێنیشم پێدا کە نەیکوژم، ئەوەشم بە باش دەزانی کە نەکوژرێت، تا هۆکاری هەڵهاتنەکەی ئاشکرابێتو بزانرێت کێ دەستی لە مەسەلەکەدا هەیە؟ جەنابی مام جەلال-یش ئەوەی لا باش بوو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەوکاتە بارودۆخەکە ناسك بوو، کۆمەڵێك پێشمەرگە لە دەشتی رانیە تەسلیم بە رژێم ببوونەوە، لەوە دەترساین کە حکومەتی بەعس بەرەیەك لە دژی هێزی پێشمەرگە دروستبکات، ئەو شەوە مەلا بەختیار-مان هێنایە قزلەر، چووینە ماڵی کاك حەمەجەزای هونەرمەندو داوای ئەوەیکرد کە بچێتە دەرەوە، کاتێك چوویە دەرەوەو هاتەوە، بە پاسەوانەکانم وت بچنە شوێنەکەی، کاتێك رۆیشتن، کلیلێکیان هێنایەوە، وتم ئەم کلیلە چییە؟ وتی: "ئەمە کلیلی زیندانەکەیەو بۆیان دروستکردووم. تا ئێستاش دەرنەکەوت کە کێ ئەوکارەی بۆ کردووە؟ دوای ئەوە، ناردم بە شوێن کاك ئەبوشەهابداو وتم: مەلا بەختیار لە دەستی تۆ رایکردووەو دەیدەمەوە دەستی تۆو بیکەرە دیاریی دەستی خۆتو بیبەرەوە بۆ لای مام جەلال، پاشان کرایەوە هەمان زیندان لە یاخسەمەر، مام جەلال منی نارد بۆ لای کاك بەختیار بۆ لێکۆڵینەوە، ئەو دانی بەوەدا نا کە دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك جیابنەوە، هێندەی من تێگەیشتم کە ئەوان نەك جیاببوونەوە، بەڵکو دەیانویست زاڵبن بەسەر رێکخستنی کۆمەڵەو یەکێتییدا، ئەوە لە زیندان مایەوە هەتا دوای ئەنفالەکان. لە ساڵی ۱۹۸۶ەوە هەتا ۱۹۸۹، لەسەر بڕیاری مام جەلال ئازادکرا، بەڵام بە مەرج، بە مەرجی ئەوەی لەناو یەکێتییدا بمێنێتەوەو دژایەتی یەکێتیی نەکات.

مەلا بەختیار دەیویست بەرەو سلێمانی رابکات. من لە لێکۆڵینەوەیەکەدا هیچم بۆ دەرنەکەوت سەبارەت بە پەیوەندیی پارتیو ئالای شۆڕش، چونکە لێکۆڵینەوەکەی من تایبەت نەبوو بەو مەسەلەیە، تەنها تایبەت بوو بەوەی کە بەرەو کوێ دەڕۆیشتو رێنیشاندەرەکانی کێ بوون؟ مەلا بەختیار جارێکی تریش گیرابوو لەلایەن شەهید شەوکەتی حاجی موشیر-ەوە لە ناوچەی قەراخ، ئەمەش هەر لەسەر حاڵەتی جیابوونەوە بوو.

ئەگەر حیزب، حیزب بێت، بە گرتنی کەسێك کۆتایی نایەت، دیارە ئەوە فکرە نەبوو، حیزبو رێکخراو نەبووە، ئێستا هاوڕێیانی ئالای شۆڕش لەناو یەکێتییدا خەباتدەکەنو پلەوپایەیان هەیەو ململانێ لەئارادا نییە. ئەمڕۆ مام جەلال پشتگیرییەکی گەورەی کاك مەلا بەختیار دەکاتو چەند پۆستێکی گەورەی سیاسیی و ئیداریشی پێداوە، دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی یەکەمە لەناو یەکێتییدا، ئەوەی کە گوتمان هەمووی راستە، بەڵام مەلا بەختیار-یش کەسێکی چالاكو ئیشکەرە.

### نەوشیروان مستەفاو ئالای شۆڕش

شێخ کامیل دەڵێت: کاك نەوشیروان هەمیشە بە هەڵوێستێکی سیاسییەوە دەچوویە ناو شتەکانەوە، لەگەڵ ئالای شۆڕشداو ئالای شۆڕشیش زیاتر ناکۆکییەکانی قووڵترکردەوە، ئەو بیروڕای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی جێگیرکردبوو لە کوردستاندا. دەتوانم بڵێم کاك نەوشیروان لەگەڵ زۆر کەسدا توند بوو، چونکە ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی دەرکی بە بابەتە سیاسییەکان دەکردو لە شاخیش کەسێك بووە دژ بە گەندەڵی، حەزی بە رەوشتبەرزیی و جوانیو دەستپاکی پێشمەرگە دەکردو دەیویست شۆڕش لە رێگای رێکخراوێکی توندوتۆڵی وەك کۆمەڵەوە درێژە بخایەنێتو کاربکات. ئەو سەردەمانەی کە چوومە دەرەوە، راستە مام جەلال سکرتێری گشتی بوو، بەڵام ئەوەی زیاتر کاری لەبەر دەڕۆیشتو دەسەڵاتی زیاتری هەبوو، کاك نەوشیروان بوو.

### ئالای شۆڕش و حکومەتی عێراق

شێخ کامیل لەمبارەیەوە بەمجۆرە دەدوێت: بێگومان سروشتی خەباتی ئەو سەردەمە وابووە، تاکە شۆڕش کە لەسەر پێی خۆی وەستابێت، شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، ئاشکرابوو کە هیچ لایەنو رێکخراوێك، بەبێ هاوکاریی حکومەت ناتوانێت دروست ببێت، ئالای شۆڕش بەئاشکرا دژایەتی مام جەلالو کاك نەوشیروانو کاك فەرەیدون-یان دەکرد. یەکێتیی حەزی نەدەکرد ئەوان لە یەکێتیی دابڕێنو لە یەکێتیی جیاببنەوە، لەلایەکی ترەوە، ئەو چالاکییەی کە لە شەقامی مەولەوی کرا بۆ کوشتنی پارێزگاری سلێمانی، مەلا بەختیار دەوری کەمی نەبوو. سەرەتا وەك کەسێکی عەسکەریو دواتر وەك سیاسیی. یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی شەهید ئارام. شەهید ئارام یەکێك بوو لە هەرە گەورەکانی ناو یەکێتیی. بە حوکمی ئەوەی خەڵکی لەناو شاردا دەناسیو ئەو سەردەمەش پێشمەرگە کەمبوو، ئەمانە پاڵپشتبوون بۆ ئەوەی ئالای شۆڕش ئەو کارە بکات.